www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## مەلایەکی نەخۆش! ... ئاسۆ شوان

نازانم چ نەگبەتییەك ئەو کابرایەی هێناوەتە نێو دونیای نووسین، لەوەش تێناگەم چ سیحرێك کردوویەتیە ئەو واعیزە، لەوەش حاڵی نابم بۆ شەو و رۆژ لە باسکردنی موسڵمانێتی بە ناچاری کورددا رێژەی 90% ی هەمیشە لە سەر زارە، ئەوەندە نەبێت لە هەندی دۆست و ئاشنای خۆم، کە خەڵکی ناوچەکەی ئەو مولەقینەن و کەم و زۆر دەیناسن، ئەوەیە کە بە فیتێك دەچێتە سەردار و دەغەزری،
هەست دەکەم ئەو (مەلا جەعفەری گوانی) ـە بە جۆرێك لە جۆرەکان تووشی نەخۆشی فۆبیا بووە، ئەگینا بۆ زراوی لە هەر قسەیەك لەسەر ئیسلام دەتۆقی و لەو سەردەمەی ناو ئەو هەموو سەرچاوە و دەوڵەمەندی زانیارییەکاندا بۆ ئەوەندە ورێنە دەکات.
ئایەتوڵڵا جەعفەری گوانی (خوا بکا شتە پیسەکە نەبێت!!)، کە چەند رۆژێك لەمەوبەر و لە سایتێکی ئێنتەرنێتدا ورێنەیەکی ترم خوێندەوە، کە لە بنەڕەتدا لە هەفتەنامەیەك بەناوی (زاری کرمانجی)، کە ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم لە سۆران دەردەچی بڵاوکرابووەوە و ئەگەر هەڵە نەبم بەناوی (کڵاوی بابردوو بە شەڕی ئیسلام ناگەڕێتەوە) بوو، لەو ورێنەیەشیدا کە گوایە وەڵامی نووسینی کەسێکی تری دابووە، وەکو رشانەوەکانی دیکەی شەلم کوێرم نابوێرم تەڕ و وشکی رۆشنبیرانی دابووە بەر لێزمەی تانە و تەشەر و ئیهانەکردن، کە پێدەچی ئەو و زۆر مەلای تری کوردستانیش، بەتایبەتی ئەو گرێی دەروونیان بەرامبەر رۆشنبیران هەبێت، چونکە چیتر ئەو مەلایانە وەکو دوێنێی ناهوشیاری و ساویلکەیی خەڵك بازاڕی زەکات و سەرفیترە و سەرانە و خاوەی چەند گوندێکیان بۆ نەماوەتەوە، تا ئەوان ئاغا و خەڵکیش کسکێن ئاسا بژین.
جاری ئەو زەلامە دەیەوی کاڵای خۆیمان بە هەرزان پی بفرۆشێتەوە و لەو بازاڕی جیهانگیرییەدا بەسەرماندا ساخکاتەوە، ئەویش کاڵای ئەو راستییەی ئەوە ئیسلامە بووەتە کڵاوێکی بابردوو و ئیدی درۆی پەرجویەکیش نەما بۆیان بگەڕێنێتەوە، هاوکات دەیەوی بەو خەونەی حوشتری و چۆلەکەیی خۆی و هاوبیرانی پێمان بڵی، هاکا بینیتان خەلافەتی قورەیشیە عەرەبەکانی ئیسلام دەگەڕێتەوە و وەك جاران بە کەمالی ئیسراحەت لێی پاڵ دەکەوێت و جارێکی تر لەبەرامبەر و دژی سەرکێشی هەر (مالیکێکی کوڕی نویەر) ی مسڵمان کە ئامادە نەبوو باج و سەرانە بداتە خەلیفە، بە فتوایەك خەلیفە و سوپاکەی فتوای جیهادی بەناوی شەڕی هەڵگەڕاوەکان (حروب الردە) لە دژیدا بەرپا دەکەن.. یان سەرلەنوی و لە شاڵاوگەلێکی تاڵان و بڕۆی بەناو فتوحاتدا و بۆ بەرفراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆی، خەلیفە سازش دەکات و غەنیمەکانی شەڕ بە نیسبەت لەگەڵ (خالیدی کوڕی وەلید) دا دەبەشێتەوە و ئەو و شمشێر وەشێنەکانی سەرپشك دەکات لە سەر و ماڵ و کچی ئەو خەڵك و وڵاتانەی غەزویان دەکرێتە سەر و بۆیانی حەلاڵ دەکات.. یاخود تاکو رم وەشێن و نیشانشکێن و شمشێر وەشێنەکانی لە گەرمەی شەڕێکی وەکو (تەبوك) دا شەیتان زەللەیان پی نەبات و زەق و هەوەسی سێکسیان هەڵنەستی و دووری خێزان و ترسی شەڕ بە خەیاڵ نەیانباتەوە باخەڵی ژنەکانیان لە حیجاز و ئومولقورا، فتوای حەڵاڵکردنی زینایەکیان بە ناوی (سیغە) بۆ دەدات.
ئەو زەلامە نەخۆشە کە پێویستی بە چارەسەرێکی دەروونی هەیە و زۆر خەونی بێمانا دەبینی و خۆی و زۆر لە هاوبیرەکانی لە بەرامبەر کەسایەتی رۆشنبیران دەرشێتەوە، نازانم سوختەیە، یان موستەعید، ئەمرۆ خۆی لێمان کردووە بە مەلای دوانزە عیلم، عیلمەکانی نووشتە و جاشکردنەوە و جن دەرکردن و...، دێت و شاباشمان بەسەر دەکات گوایە کورد بە خۆشی خۆی بۆتە موسڵمان و ئێستاش بە کوێرایی چاوی ناحەزان 90% و زیاتریش خەڵکی کورد موسڵمان و باوەڕدارە، کەچی چاوی کوێری ئەو حەشاماتەی خەڵك و لە نێویاندا ئەو رێژە زۆر و زەوەندەی گەنج و نەوەی نوێی کورد نابینی، کە تاڵە موێك نەماوە

بە وەهم و خورافەکانی ئیسلام بیانبەستێتەوە، ئیدی نە نوێژ دەکەن و نە ڕۆژوو دەگرن، یان خۆی لەو ڕاستییە لە گێلی دەدات کە ئەمڕۆ لەناو زۆربەی ئەوانەیش کە لە کوردستان نوێژ دەکەن و بە ڕۆژوو دەبن عیبادەت بۆتە عادەت و ریا، یاخود زۆرێك لە ترس و شەرمی ماڵەوەیان ناچارن لەگەڵ عامی بچنە شامی، کەچی ئەو هەر سوورە لەسەر وەعز و تەلقین و تەرهیب و ئیهانەکانی خۆی، ئەوەیە لە بێخەبەران سەبەتەیەك شاباش!!

لە هەمووی سەیرتر لەو ڕۆژانە و لە ژمارە (261) ی هەفتەنامەی (میدیا) ی ڕۆژی 2006/10/10 دا، وەك ئەوەی سەروبنی کتێبخانە و سەرچاوە و کتێبەکانی یاسای پشکنیبی و گرەوی لە ڤۆلتێر بردبێتەوە، دەمی لە پرۆژە دەستوری هەرێمیش ناوە و شەکری لەبارەی ئەوە شکاندووە: کە چۆن لەو دەستوورەدا شەریعەتی بیابان و قورەیشیەکان بە یەکەمین و تاکە سەرچاوەی یاسادانان نەهاتووە و دانەنراوە، جگە لەوەی شەرم داینەگرتووە، کە بە میزاجی سەلەفی و تەبەعییە کوێرانەکەی خۆی هەرچی مێژووی مرۆڤایەتی و درندەیی سوپای ئیسلام هەیە، کە لە ساتەوەختی غەزاوەتەکان بەو خوڵك و وڵاتانەیان کردووە، بە تایبەتی ئەوەی بە کورد و کوردستانیان کردووە لە قەتل و عام و برین و تاڵان و برۆ و بە کەنیزەك بردنی کچە پاکیزەکانی کورد بۆ دەربارەی خەلیفە و ئەمیرولموئمنینەکان، کەچی لەوەش ڕەتی دەکات و هەست و نەستی نەتەوەیەك بریندار دەکات بەوە چییە، هەمیشە خۆی و هاوبیرەکانی ئەو قەوانە سواوە لی دەدەنەوە کەوا کورد بە خشی خۆی و دوور لە زەبروزەنگ بۆتە ئیسلام و لە سود و سەربڵندیش بترازی شتێکی تری خراپ، یان زیانی لەو ئایینە نەکردووە، نازانم چۆنە ئەویش وەکو هاوبیرەکانی خۆی چۆن ئەمجارەش حیکمەت و ئەزموونی (گابان) ی بۆ هەرزانفرۆش نەکردووین، ئەو (گابانی کوردی) ـەی ئەگەر بە وردی بە کەن و کەلەبرەکانی مێژووی خوێناوی ئیسلامدا بگەڕێیت بۆت دەسەلمی، کە ئەویش سیخوڕێکی فایلدار و بەکرێگیراوی عەرەبی شام و جەزیرەی عەەبی بووە، چەشنی ئەوانەی ئەمڕۆ ساڵانێکە کوردایەتیمان بەسەردا شاباش دەکەن: کەچی دەرکەوت زۆربەیان لە شەودا پێشمەرگە ولە ڕۆژدا پیاوی موخابەرات بوون!!

ئەو گوانییە! هەر بەوەشەوە نەوەستاوە و لەو وتارەی (میدیا) دا وەك ئەوەی خەڵك نەزانی چ کاسەلێسێکی دەسەڵات و ماستاوچی و مەراییکەرێکی حەرەمسەرای مەسول و کاربەدەست و بەرپرسانی دەسەڵاتی کوردییە و چۆن وەك زۆربەی مامۆستا هاوبیرەکانی خۆی و بەتایبەت ئەوانەی دەرزیان داداوە، لە ژێر سێبەری عەمامە و لە باڵی عەبا هەرەشە لە دەسەڵات دەکات و لە یەك کاتدا لەگەڵ مەڕ شین دەکات و لەگەڵ گورگیش گۆشت دەخوات!!

ئەو زەلامە دی و زرۆ بی شەرمانە و قەرزداریشمان دەکاتەوە گوایە مەلایەکی نەتەوەییە، بەخوا تەڕ نەتەوەییت، خوا عالیمە بەو بیرکردنەوە و هەڵوێستی تۆ بێت، نزیکترین و دڵسۆزترین یاوەری (موحەمەد) و شاعیرترین دەرباری خەلیفە و سوارچاکترین سەربازی لەشکری غەزاوەت ئەوەندەی تۆ خزمەتی خەلافەتی عەرەبی ئیسلامی نەکردووە، دووریش نەبوو ئەگەر ئێستا ئەوان لە ژیاندابان دەیانکردیتە ئەمیر لموئمینینی ئەو وڵاتەی، کە لە سەردەمی داگیرکاری ئیسلامدا و لە نامەی سەرکردەیەکی سوپای غەزاوات بۆ خەلیفە (عومەر – ئەو خەلیفەیەی بە زەبری شمشێر بردیان بۆ بەیعەتدان بە ئەبوبەکر!!) بە بە هەشتی سەر زەمینی وەسف کردووە.

ئەی حەزرەتی ئایەتوڵڵای گوانی! بڕوابکە ئەگەر تا دوێنی کورد لەبەر ترسی شمشێری کوڕەکانی قەعقاع و لە سای پەخشکردنەوەی ژەهری جەهل و عەرەبچێتی حوجرەکانی ئێوە، لە عەرەبی بەدو و حەزەر ئیسلامتر بووە، ئەوا ئەمڕۆ پەنجەی پەشیمانی دەگەزی و باجێکی زۆری ئەو شوێنکەوتەییە تەرهیبی و سروشتە تووتی ئاساییەی فریودانەکانی دەستی ئێوەی داوە، ئیدی دەبی شوکرانە بکەین، کە چیتر ڕۆڵەکانمان و نەوەی نوی وەك دوێنی لە عەرەبێکی بەغدا و حیجاز و شام ئیسلامتر نین و نابن،

چونکە ئایینەکە هی ئەوانە و ئەوەی ئێمەش بۆ ئیسلام کردوومانە بە ریتمی چەپەکان (خەباتی نێو ئایینی بووە – نێونەتەوەیی!!)، کەچی سەرەڕای ئەوەش لە چاوی خەلیفە و لەشکرەکانیدا مەوالی و خائین بووینە..

بۆیە لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێم باشترە تۆ و مامۆستاکانت لە حوجرەی نووشتە و جاشکردنەوەدا، بەدەم (سەر راوەشاندن و تەلەعەلبەدرو عەلێنا!!) و بە خەیاڵ (چونکە زۆرجار ئەگەر خەیاڵکردن نەبێت مرۆڤ دەمرێت) بچنە سەر باڵی (بۆراق) یێکی تر، بەڵکو لە میعراجێکی دیکەدا بتانباتەوە بۆ سەروەختی بێدەسەڵاتی و ترسنۆکی دەقەکانی مەککە و دەسەڵاتداری و کوشتوبڕی ساتەوەختی پشت و پەنا و چەکی دەقەکانی مەدینە، چونکە دڵنیابە داری تۆ و مێژوو و ماهیەت و ئەزموونی باوەڕ و پێشڕەوکانتان زۆر لەوە کورتترە دەستی رۆشنبیرانیان نەگاتی، بەڵام چیدەکەی لە دەست ناهوشیاری خەڵکی ئێمە کە هێشتا ماویەتی درك بە راستییەکان بکات و رۆژێك دێت لە سەر مینبەرەکانتان بەرد باران و نەفرەت بارانتان دەکەن، ئەو کاتەی تێدەگەن ئێوەی نووشتەچی و خورافە فرۆش چ بازراگنییەك بە وانەوە دەکەن.. ئیتر ئەو کەسە کەسە، ئەلفێکی بەسە!!